

# شاشەیەکی سەیوانی

بۆ سەیرکردنی فیلم و یان گەمەکردن لە تەبلێت یان لە مۆبایل سوود وەردەگرین.. بەڵام لەشاشەیەکی مەزنتری وەك تەلەڤزیۆن یا کۆمپیوتەر چێژێکی تایبەتی هەیە.. تەلەڤزیۆن یا تەبلێتی مەزن بۆ هەموو شوێنێك ناکرێ لەگەڵ خۆتی بەری.. ئەی چارە چییە؟

تەکنەلۆژیای دیجیتالی نوێ ڕێگاچارەیەکی بۆ ئەمەش دۆزیوەتەوە... شاشەی (SPUD) شاشەیەکی سەیوانی! بەڵێ سەیوانی واتە وەك سەیوان دەیکەیەوە و دایدەخەی.. ئەگەر پێویستت پێی نەبێت دەچێتەوە پاڵیەك.. شاشەکە کاتێك دەکرێتەوە دەبێتە شاشەیەکی ٢٤ ئینجی. بەئاسانی لە مۆبایل، تەبلێت، لاپتۆپ پەیوەند دەدرێ و شاشەیەکی مەزنترت دەبێت، ئەوکاتەی کە دایدەخەی قەبارەی بەقەد کتێبێکی بچووك دەبێت. کێشی شاشەکە ٩٠٠ گرامە...

# قومقومەیەکی سمارت




قومقومە واتە ئەو بتڵەی کە ئاوی خواردنەوەی تێدەخرێت بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بەکار بێنێت، وەك قومقومە ئاو لە بەرەکانی شەڕدا، یان ئەو گەشتیارانەی سەفەر دەکەن یان قوتابیان بەکاری دێنن.

لەم ماوەیەدا جۆرە قومقومەیەکی هۆشمەند بەناوی (Ecomo) بەرهەم هاتووە کە سمارتە، چونکە جگە لە نیشاندانی ڕێژەی پاکبوونی ئاوەکە، دەپاڵێوێ و ئاوەکە لە هەموو شتێك پاك دەکاتەوە. بۆ سوود وەرگرتن لەو قومقومەیە ئاوی تێبکە و ئەوکات لە ڕێگای ئاپێکەوە کە لەسەر مۆبایل دادەنرێ ڕێژەی پاکی ئاوەکە دەزانی.

قومقومەکە دەستبەندێکی تایبەتیشی لەگەڵە کە ڕێژەی ئاوی لەش و هێماکانی تەندروستی بەکارهێنەرەکەی نیشان دەدات. لەکاتی پێویستدا واتە ئەو کاتەی ئاوی لەش کەم دەبێتەوە زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدات.










## کیبۆردێکی بەهێز و گرنگ بۆ یاری

ئەو کیبۆرد و جویستیك (دەسکی گەمە) و ماوسانەی تایبەتن بە یاری و کاری گرافیکی دەبێ بەهێز و پتەو بن.. تێکچوونیان هەر نەبێت.. خۆراگربن و بەکەڵکی یاریی و ئەرکە قورسە گرافیکیەکان بێن.. کیبۆردی جۆری ROG Claymore یەکێکە لەو کیبۆردانە. کیبۆردەکە زۆر تایبەتە و چونکە ئەو بەشەی تایبەتە بە حاسبە و کاری ژمێری یاری واتە ئەو دوگمانەی لەلای راستن و ژمارەیان لەسەر نووسراوە بە جیا لە کیبۆردەکەن و دەکرێ لێیان بکەیەوە و بە کیبۆردەکەی بلکێنیەوە. بۆ زۆر یاری ئەلکترۆنیش تەنیا ئەو بەشە پێویستە بۆیە دەکرێ بەشەکەی تر واتە ئەو بەشەی تایبەتە بە پیتەکان هەڵبگری.. دوگمەکان بەجۆرێك دروست کراون کە لەکاتی یاریدا گرفتیان بۆ نایەتە پێش و پەنجەکانیش ئازار نادەن دەتوانی بۆ هەرکام لە دوگمەکانیش فەرمانی تایبەتی بۆ دیاری بکەی..



## تەبلێت لاپتۆپێکی لینۆڤۆ و تایبەتمەندییەکانی

کۆمپانیای لینۆڤۆ خەریکی بەرهەمهێنانی تەبلێت-لاپتۆپێکی نوێیە بەناوی miix ٥٢٠ شاشەکەی ١٢ ئینجە، رامەکەی ١٦ گیگابایتە. پرۆسیسەرەکەی جۆری ئەنتەلە و core i٧ و هاردەکەی ١ ترابایتە. دوو کامێرای ٨ و ٢ مێگاپیکسلی هەیە. جگە لەوەش کامێرایەکی ٥ مێگاپیکسلی بۆ سکایپ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە هەیە. باترییەکی زۆر بەهێزی هەیە و هەتا ١٠ کاتژمێر ناکوژێتەوە. بارستاییەکەی تەنیا ٩ ملمە.





## کاتژمێرێکی سمارت جیاواز لە هەموویان

کاتژمێرێکی زیرەك رایدەگەینێ و دەڵێت من جیاوازم... جیاوازی کاتژمێرەکە لە چیدایە؟! هەتا ئێستا هەر کاتژمێرێکی سمارت بەرهەمهاتوە بۆ کارکردن پێویستی بە وزە و شەحنکردنەوە هەیە. بەڵام کاتژمێری سمارتی جۆری power watch وزەی خۆی لە گەرمای جەستەی بەکارهێنەرەکەی وەردەگرێت.. ئەگەر ئەم تەکنەلۆژیە نوێیە سەربگرێت و سەرکەوتوو بێت گۆڕانکاری گرنگ لە ئامێرە دیجیتاڵییەکاندا دێتەدی.. وەك کارکردیش وەك زۆربەی کاتژمێرە سمارتەکان، هەستەوەری هەنگاو پێوان، رێژەی گەرمۆکەی سووتێندراو (کالۆری).. هەستەوەری تایبەت بە چۆنییەتی خەوتن، هەستەوەری زانینی چەوری لەش بۆ کۆنترۆڵ کردنی کێش و چەند تایبەتمەندییەکی دیکەی تێدایە. پشتی کاتژمێرەکە وەك دینەمۆیەکە بۆ ئەو کاتانەی کە گەرمای لەشی بەکارهێنەر گۆڕانی بەسەردادێت، بۆ نموونە بەکارهێنەر دەچێتە شوێنێکی سارد و کەشەکە دەگۆڕێت پشتی کاتژمێرەکە وا دەکات بەو گۆڕانە کێشەیەك بۆ کاتژمێرە سمارتەکە نەیەتە پێش..




## فڕۆکەیەک تایبەت بە وێنەی سێلفی

دوای ئەوەی مۆبایلەکان کامێرای پێشەوەیان بۆ زیاد بوو گرتنی وێنەی سێلفی چووە ناو قۆناغێکی دیکەوە.. ئامێری تایبەت بە گرتنی وێنەی سێلفی وەك ریمۆت کۆنترۆڵی تایبەت، گوچانی تایبەت بە گرتنی وێنەی سێلفی،، کەڤەری تایبەت بە وێنەی سێلفی بەرهەم هاتن..

ئێستاکە لەوەش تێپەڕیوە و فڕۆکەیەکی بچووك هەر بەقەد مۆبایلێك بەناوی Airselfie بەرهەم هاتووە کە تایبەتە بە وێنەی سێلفی و لەناوەکەشی را دیارە..

فڕۆکە بچووکەکە کامێرایەکی باشی هەیە کە دەتوانێت وێنە وفیلم لە مەودای ٢٠ مەترییەوە بگرێت، هەر لەو کاتەیدا کە دەفڕێت لە ڕێگای وای-فایەوە وێنەکان بۆ مۆبایلێك بنێرێت کە پێکەوە پەیوەندیان هەیە. کێشی کامێراکە زۆر کەمە تەنیا ٥٢ گرام.. ئیدی بە داهێنانی فڕۆکە بچووکەکە قۆناغێکی دیکە لە وێنەگرتن دێتە گۆڕێ،

هەرچەندە پێشووتریش فڕۆکەی بچووك (پەهبەهاد)ی تایبەت بە فیلم هەڵگرتنەوە بەرهەمهاتوون بەڵام ئەوەیان بچووکترینیانە و کێش و قەبارەی کەمە و بەقەد مۆبایلێکە..




## ئامێرێک بۆ کەمکردنەوەی دەنگە دەنگ

**ماڵەکەت لەسەر شەقامە و دەتەوێ سەرخەوێك بشکێنی، بەڵام دەنگە دەنگی هاتووچۆی ئۆتۆمبیل و ئاپۆڕای شەقام ئیزنت پێنادەن.. یان لە ژوورێك دەخەوی بەڵام لە ژوورەکەی دیکە دەنگی تەلەڤزیۆن دوا ڤۆلۆمی دراوەتێ! چار چییە؟ تەکنەلۆژیای نوێ بۆ هەموو شتێك ڕێگا چارەیەکی دۆزیوەتەوە. ئامێری بچووکی muzo کە ئامێرێکی هۆشمەندە تەنیا بە داگرتنی دوگمەیەك دەبێتە فلتەر و پاڵێوەرێك بۆ نەهێشتنی ئەو دەنگە زیادیانە.. ئامێرەکە هەروەك لە وێنەکەی رادیارە بچووکە بە پەنجەرەوە دەنووسێ لە تەکنەلۆژیای دژە لەرزین سوود وەردەگرێ و ناهێڵێ دەنگە دەنگی زیادی بێتە ژوورەوە..**



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت چەندین فایلی wordم هەیە، چۆن دەکرێت بە ڕێگایەکی ئاسان گشت فایلەکان بکەم بە فایلێك؟ چونکە کتێبێکە دەمەوێ بەشەکان لە یەکدا کۆبکەمەوە..**


خوێنەری بەڕێز شێوازەکە زۆر ئاسانە، دەتوانی لە بەشی insert بچیە سەر ئایکۆنەکانی لای دەستی راست و ئایکۆنی object دابگرە کە دوو بەشە لەویش بەشی text from file دابگرە، گشت فایلەکانی خۆت دەتوانی بەهۆیەوە بکەی بە فایلێك..



# پرۆگرامەکانی مۆبایل لە کۆمپیوتەردا بکەوە

چەندین پرۆگرامان ناساندوون کە ئەرکیان ئەوەیە مۆبایلەکەت بۆ سەر کۆمپیوتەر بگوازێتەوە، واتە هەرچی لەسەر مۆبایلە لە پرۆگرام و فایلەکانەوە هەتا یاری و ڤیدیۆکان لەسەر کۆمپیوتەر بکەیەوە. پرۆگرامی Nox App Player یەکێکە لەو پرۆگرامانە.


گەر حەز دەکەی کۆمپیوتەرەکەتان وەك مۆبایلە هۆشمەندەکەتان بێت ئاپ و بەرنامەکان لەسەر کۆمپیوتەر بکەیەوە، ئەو پرۆگرامە زۆر گونجاوە، تەواو سیستەمی ئەندرۆید دێنێتە سەر کۆمپیوتەر. نە تەنیا ئاپەکان بەڵکو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی سەر مۆبایلیش دەکەیەوە. هەتا لە مایك و کامێرای مۆبایلەکەش سوود وەربگری..



# بچووک بەڵام بەهێز

سەردەمی کۆمپیوتەرە زەبەلاحەکان کە هەم قورس بوون و هەم کارکردیان ئەوتۆ نییە بەسەرچووە، ئێستا سەردەمی مینی کۆمپیوتەرەکانە، کۆمپیوتەرێك بە قەبارەیەکی بچووك بەڵام بەکاراییەکی زۆر.. کۆمپانیای HP لە نوێترین هەوڵیدا مینی کۆمپیوتەرێکی خۆی خستەڕوو کە بەپێی رای کۆمپانیاکە بەهێزترە لە کۆمپیوتەرە مەزنەکان..

مینی کۆمپیوتەری جۆری mini PH Z٢ کۆمپیوتەرێکی بچووکە، بۆ کاری گەورەی وەك نەخشەسازی، گرافیك، فیلم و ستۆدیۆ سوودی لێوەردەگیردێت. قەبارەی کۆمپیوتەرەکە ٨,٥ لە ٢,٥ دایە. لە پروسیستەری ئەنتەل جۆری core i٧ سوود وردەگرێ. رامەکەی ٣٢ گیگابایتە. باشترین جۆری کارتی گرافیکی لەسەرە و ٢ گیگابایتە. هاردەکەی ١,٥ ترابایتە. گشت کێبڵ و شوێنەکانی تایبەت بە پەیوەندی وەك usb، بلوتوس، وای-فای هەیە.. رەنگە کۆمپانیاکانی دیکەش رکابەری بکەن و مینی کۆمپیوتەر بەرهەم بێنن، ئیدی کۆمپیوتەرە گەورەکان دەکەونە مێژووەوە.





# سایتێک بۆ ئەوەی کە وێنەکەت بکەی بە کارتۆنی

ماڵپەڕگەلێکی زۆر هەن کە تایبەتن بە وێنەی جوڵەدار، یان وێنەی کارتۆنی، تۆ گەر دەتهەوێ وێنەی خۆت یان یەکێکی دیکە بکەی بە جوڵەدار وکارتۆنی. دەتوانی سەر لە سایتی www.weeworld.com بدەی لەو سایتەدا بە ئاسانی وێنەیەکی خۆت دابنێ، پاشان دەستکاری جلوبەرگ و شێوە و روخسارت بکە. لە مەودایەکی کەمدا دەتوانی وێنەکەت بکەی بە کارتۆنی. دوای ئەوەی کە وێنەکەت کرا هەر لە سایتەدا دەتوانی بیگۆڕی بۆ پرۆفایلی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان..